
KURDISTAN FILM FUND
Applicant Eligibility

شایستەیی داواکاری

ئەم ڕێسایانە تەواوکەری یاسا و ڕێنماییەکانی سندوقی فیلمی کوردستانن و دەبنە بنەمای کارکردن بۆ پێشکەشکاری داواکاری، ستاف، کەسانی پیشەیی دەرەکی و ئەندامانی دەستەی دادوەری.
لە کاتی هەبوونی هەر ناتەباییەک، نوێترین یاسا و ڕێنمایی سندوقی فیلمی کوردستان بەکاردەهێندرێت.

١. بەڵگەی ڕەچەڵەکی کوردیی یاخود بەڵگەی پێویست بۆ پەیوەندی بە کۆمەڵگە و کلتووری کوردییەوە

١.١ ئامانج

نابێت هیچ کام لە پێشکەشکار، دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر، هاوبەرهەمهێنەر، نوێنەر، یاخود هەر کەسێکی دیکە کە لە بری داواکاری پێشکەشکراو ڕەفتار دەکات پەیوەندی بە ئەندامانی دەستەی دادوەرییەوە بکات بە شێوەیەکی پەیوەندیدار بە داواکارییەکەوە لە ماوەی پڕۆسەی هەڵبژاردنی سندوقی فیلمی کوردستان.

١.٢ بەڵگەی قبووڵکراو بۆ ڕەچەڵەک و باوانی کوردی

پێشکەشکار دەتوانێت یەک یان زیاتر لە یەکێک لەم بەڵگەنامانەی خوارەوە دابین بکات:
بەڵگەنامەی فەرمی
کارتی نیشتمانی کارا یاخود بەڵگەنامەی باری کەسیی کە ڕەچەڵەکی کوردی دەربخات بە هەر جۆرێک
ئەو زانیارییە تۆمار کرابێت
تۆماری مەدەنی خێزان
بڕوانامەی لەدایکبوون
بڕوانامەی لەدایکبوونی دایک و باوک، یاخود نەنک و باپیر یاخود بەڵگەنامەی باری کەسییان
خێزاننامە (کتێبی ڕەچەڵەکی خێزانی) یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی تۆماری خێزان
پاسپۆرت یاخود ناسنامەیەک کوردبوونی ڕەچەڵەکی بە شێوەیەکی فەرمی تێدا تۆمار کرابێت
هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی فەرمی کە ڕەچەڵەکی ڕاستەوخۆ نیشان بدات
بەڵگەکانی ڕەچەڵەکی خێزان
لە هەر دۆخێکدا کە بەڵگەنامەی پێشکەشکار نەتوانێت ڕەچەڵەکی کوردیی بسەلمێنێت، پێشکەشکار دەتوانێت بەڵگەنامەی یەکێک لەم کەسانە دابین بکات:
دایک و باوک
نەنک و باپیر
باوانی دیکەی ڕاستەوخۆ
بە مەرجێک پەیوەندی ئەندامی خێزان بە پێشکەشکارەوە بە شێوەیەکی ڕوون بسەلمێندرێت.

١.٣ بەڵگەی دیکە بۆ پەیوەندی بەرجەستە

گەر بەڵگەنامەی فەرمیِ ڕەچەڵەک بەردەست نەبوو یاخود بەپێی پێویست نەبوو، سندوق ڕەنگە بەڵگەی دیکە وەربگرێت کە پەیوەندییەکی بەرجەستە و دروست بە کۆمەڵگە و کلتووری کوردییەوە نیشان بدات.

دەکرێت ئەم بەڵگانە بەم جۆرانەی خوارەوە بن:
بەڵگەی ئەندامێتی دروێژخایەن یاخود بەشداریی کارای لە ڕێکخراو یان کۆمەڵگەی کوردی کلتووری یاخود هونەری هەبێت
بەڵگەی کاری پیشەیی بەردەوام لە ناو دەزگای کلتووری یاخود بینراو و بیستراوی کوردی

کاری پێشینەی هونەری یاخود بەرهەمی بینراو و بیستراو کە پەیوەندی بەرچاوی بە کلتوور، مێژوو، زمان، کۆمەڵگە یان گێڕانەوەی کوردییەوە هەبێت.
بەڵگەنامەی بەشداریی درێژخایەن لە ژیانی کلتووری کوردی
نامەی شایەتی لەلایەن دەزگای کلتووریی کوردی، ڕێکخراوی پیشەیی، ئۆرگانی کۆمەڵایەتی یاخود دەزگای دیکەی متمانەپێکراو
بەڵگەی دیکەی پەیوەندیدار کە سندوق فیلمی کوردستان قبوڵی بکات.

١.٤ بەیاننامەی کەسیی

لە کاتی پێویستدا، سندوق ڕەنگە داوا لە پێشکەشکار بکات کە بەیاننامەیەکی واژۆکراو پێشکەش بکات تا ئەم زانیارییانە ڕابگەیەنێت:
سروشتی ڕەچەڵەکی کوردیی و پەیوەندییەکانی
پاشخانی خێزان و کۆمەڵگە
پەیوەندیداریی بەڵگەنامە پاڵپشتییە پێشکەشکراوەکان
هەر دۆخێک کە ڕێگریێت لە پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی فەرمیی ئاسایی

بەیاننامەی کەسیی بە تەنیا نابێتە مایەی شایستەبوونی خودکارپی و ڕەنگە بەڵگەی زیاتر داوا بکرێت.

١.٥ هەڵسەنگاندن

پێویستە بەڵگەکان بە شێوەی کەیس بۆ کەیس هەڵبسەنگێندرێن.
سندوق ڕەنگە:
داوای ڕوونکردنەوە بکات
داوای بەڵگەنامەی زیاتر بکات
لە کاتی پێویستدا بەدواداچوون بۆ پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەکان بکات
ڕاوێژ بە کەسانی شارەزای کلتووری بکات
بەڵگەیەک ڕەت بکاتەوە کە پێی وابێت بەپێی پێویست نییە، پشتی پێ نابەستێت، یاخود پەیوەندیدار نییە

پێشکەشکار نابێت ڕووبەڕووی زیان ببێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی جۆرە بەڵگەنامەیەکی فەرمی دیاریکراو لەو وڵاتە بەردەست نییە کە نیشتەجێیین یاخود دۆخێکی کەسیی تایبەتی هەیە.

١.٦ هەڵسەنگاندنی کلتووری

هەرکات گومانی شایستەبوون دەربارەی پەیوەندی ماناداری پرۆژەیەک بوو بە شوناس، کلتوور، زمان، کۆمەڵگە یاخود گێڕانەوە نەک ڕەچەڵەک بەتەنیا، دەبێت هەڵسەنگاندن ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرێت:
چیرۆک و بابەتی سەرەکی
کارەکتەر
زمان
لۆکەیشن (شوێنی وێنەگرتن)
زەمینەی کلتووری
پێشڕەوپی هونەریی
بەشداریی کوردیی



پەیوەندیداریی مێژووی یاخود هاوچەرخ
کاریگەری لەسەر فەرهەنگی بینراو و بیستراوی کوردیی
هەرکات بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان پێویست بێت، سندوق ڕەنگە پڕۆژەکان بخاتە بەر دیدەی کەسانی پیشەیی شارەزا و ناسراو لە کلتووری کوردی.

١.٧ زانیاری هەڵە و نادروست

پێشکەشکردنی زانیاری هەڵە، دەستکاریکراو یاخود زانیارییەک کە بە شێوەیەکی ئاگادار سەرلێشێواندن دروست بکات ڕەنگە ببێتە هۆکاری:
دەمودەست ڕەتکردنەوەی داواکاری
کشاندنەوەی خەڵات
کۆتاییهێنان بە پاڵپشتی
وەرگرتنەوەی هەر پاڵپشتییەک کە تا ئەوکات درابێت
بێبەشکردن لە پێشکەشکردنی داواکاریی داهاتوو
ڕێگای دیکەی گونجاوی یاسایی و کارگێڕی

تێبینی گرنگ: دەرچوون لە هەڵسەنگاندنی شایستەیی نابێتە دڵنیایی بۆ هەڵبژاردن. دەبێت پێشکەشکردنی داواکاری تەواو، کارا، و گونجاو بێت لەگەڵ هەموو پێداویستییەکانی سندوق فیلمی کوردستان تا بگاتە قۆناغی هەڵسەنگاندن.

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND